وەزارەتی پەروەردە
ژمارە: ١٤٩٧٧ لە ٢٠٢٦/٧/١٩

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (دووەم/١) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕیارمان دا بە دەرکردنی ڕێنمایی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە:

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦
ڕێنمایی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن

ماددەی (١): پێناسەکان:

یەکەم: وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خوێندی کوردی لە کەرکوک .

چوارەم: فرۆشگە: کافتریا، حانوت ، خواردنگە.

پێنجەم: ناوەندی خوێندن :پەیمانگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی ، کۆمەڵگە پەروەردەییە نێودەوڵەتییە حکومییەکان، کۆلێژەکانی بەهەرەداران، قوتابخانە، ئامادەیی بە هەموو بەشەکانەوە.

شەشەم: لیژنەی باڵا : لیژنەی باڵا لەسەر ئاستی وەزارەت .

حەوتەم: لیژنەی فرۆشگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی : ئەو لێژنانەن کە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی پێکدێت.

هەشتەم: لیژنەی فرۆشگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان: ئەو لێژنانەن کە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان پێکدێت.

نۆیەم: لیژنەی فرۆشگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا: ئەو لێژنانەن کە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا پێکدێت .

دەیەم: لیژنەی خەرجی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن: ئەو لیژنەیەی کە لە ناو ناوەندەکانی خوێندن پێکدێت .

یازدەیەم: خاوەنی فرۆشگە: ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە گرێبەستی فەرمیان هەیە لەگەڵ دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا و پەیمانگەکان.

دوازدەیەم: دینار: دیناری عێراقی ئامانج لە بەکرێدانی فرۆشگەکان، دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی پاک و تەندروست و پێداویستییەکانی خوێندنە بەپێی مەرجە تەندروستییەکان، لەگەڵ پاکڕاگرتنی ژینگە و فەراهەمکردنی کەشێکی ئاسوودە و ئارام بۆ قوتابیان و خوێندکاران، مامۆستایان و فەرمانبەران لە ناوەندەکانی خوێندن.

ماددەی (٢):

ساڵانە لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە بە ناوی (لیژنەی باڵا بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن) پێکدەهێنرێت. لیژنەکە لەلایەن وەزیری پەروەردە پەسەند دەکرێت و پێویستە ئەندامی (ژمێریاری و یاسایی) تێدا بێت.

ماددەی (٣):

یەکەم: لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لیژنەیەکی (٥) پێنج کەسی بۆ سەرپەرشتیکردن وبەدواداچوونی فرۆشگەکان پێکدێت کەبریتین لە:

١- سەرۆکی لیژنە: لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە دەستنیشان دەکرێت.

٢- چوار فەرمانبەر: بەو مەرجەی فەرمانبەری کارگێڕی، ژمێریاری و یاسایی تێدا بێت.

دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان:

١- سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی نرخەکان بە شێوەیەک کە لە نرخی بازاڕ گرانتر نەبن.

٢- دەستنیشانکردنی جۆری کەلوپەل و خواردەمەنییە ڕێگەپێدراوەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی.

٣- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون و چاودێری کردنی فرۆشگەکان لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و ناوەندەکانی خوێندن.

٤- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کاروباری دارایی لە داهاتی فرۆشگەکان بەپێی ڕێنماییەکان .

٥- بەدواداچوونی ئیشوکاری لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و لیژنەی خەرجی ناوەندەکانی خوێندن، هەماهەنگی کردن و وەرگرتن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکانیان.

ماددەی (٤): لیژنەی خەملاندن و بە کرێدان

یەکەم: ئەو ناوەندە خوێندنانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانن:

أ/ لیژنەی خەملاندن: لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی قەزاکان ، لیژنەیەکی (٥) پێنج کەسی بۆ خەملاندنی فرۆشگەکان پێکدێت کە بریتین لە:

١- سەرۆکی لیژنە: بەڕێوەبەری یەکێک لە بەشەکانی ناو دیوانی پەروەردە.

٢- چوار فەرمانبەر: بەو مەرجەی فەرمانبەری کارگێڕی، ژمێریاری و یاسایی تێدا بێت.

خەملاندنەکە پێویستە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

- خەملاندن بۆ هەر قوتابییەک بە بڕی (٥٠) پەنجا دینار (کەمتر) نەبێت بۆ هەر ڕۆژێک ، بۆ نموونە ئەگەر ناوەندێکی خوێندن (١٠٠) سەد قوتابی هەبوو، ئەوا بۆ هەر قوتابییەک بە (٥٠) پەنجا دیناری ڕۆژانە بخەملێندرێت، (بۆ نموونە: ١٠٠ قوتابی × ٥٠ دینار × ٢٢ ڕۆژی دەوام =١١٠،٠٠٠ دینار مانگانە) و بۆ (٧) حەوت مانگ دەکاتە (٧٧٠،٠٠٠) حەفت سەد و حەفتا هەزار دینار بخەملێندرێت وەک کرێی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن، سەبارەت بەو ناوەندی خوێندنانەی کە کە ماوەی

دەوامیان لە دەوامی ئاسایی دریژترە (لە پاش کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ تەواو دەبن)، ئەوا نرخی خەملاندن دەگۆڕێت و لیژنەی خەملاندن بۆی هەیە لە (٧٥) حەفتا و پێنج دینار بۆ (٢٠٠) دوو سەد دینار بۆ هەر قوتابییەک بخەملێنێت بۆ هەر رۆژێک.

ب/ لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون: لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی قەزاکان لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن وبەدواداچوون پێکدێت،بەم شێوەی خوارەوە:

أ- فەرمانبەرێکی یاسایی	سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی کارگێڕی	ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری	ئەندام

تێبینی: دەکرێت لە سنووری هەر بەرێوەبەرایەتییەکی پەروەدەی قەزا، زیاتر لە لیژنەیەک هەبێت بۆ بەکرێدان.

دووەم: کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییە لۆکاڵەکان و ئامادەییە پیشەییەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانن:

أ/ لیژنەی خەملاندن: لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان ، لیژنەیەکی (٥) پێنج کەسی بۆ بە خەملاندنی فرۆشگەکان پێکدێت کەبریتین لە:

١- سەرۆکی لیژنە: بەڕێوەبەری یەکێک لە بەشەکانی ناو دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە.

٢- چوار فەرمانبەر: بەو مەرجەی فەرمانبەری کارگێڕی و ژمێریاری و یاسایی تێدا بێت.

خەملاندنەکە پێویستە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

- خەملاندن بۆ هەر قوتابییەک بە بڕی (٧٥) حەفتاو پێنج دینار (کەمتر) نەبێت بۆ هەر رۆژێک . بۆ نموونە ئەگەر ناوەندێکی خوێندن (٥٠٠) پێنج سەد قوتابی هەبوو، ئەوا بۆ هەر قوتابییەک بە (٧٥) حەفتاو پێنج دیناری رۆژانە بخەملێندرێت. (بۆ نموونە: ٥٠٠ قوتابی × ٧٥ دینار × ٢٢ رۆژی دەوام =٨٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە). بۆ (٧) حەوت مانگ دەکاتە (٥,٧٧٥,٠٠٠) پێنج ملیۆن و حەفت سەد و حەفتاو پێنج هەزار دینار وەک کرێی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن، سەبارەت بەو کۆمەڵگە پەروەردەیانەی کە ماوەی دەوامیان تا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆیە یان زیاترە، ئەوا نرخی خەملاندن دەگۆڕێت و لیژنەی خەملاندن بۆی هەیە لە (١٠٠) سەد دینار بۆ (٧٠٠) حەفت سەد دینار بۆ هەر قوتابییەک بخەملێنێت بۆ هەر رۆژێک.

ب/ لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون: لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون پێکدێت ، بەم شێوەی خوارەوە :

أ- فەرمانبەرێکی یاسایی	سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی کارگێڕی	ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری	ئەندام

سێیەم: پەیمانگەکان:

أ/ لیژنەی خەملاندن: لەسەر ئاستی هەر پەیمانگەیەک کە یەکەی ژمێریاریان هەیە ، لیژنەیەکی (٣) سێ کەسی بۆ بە خەملاندنی فرۆشگەکان پێکدێت کە بریتین لە:

أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگە — سەرۆک لیژنە
ب- سەرۆکی یەک لە بەشەکان — ئەندام
ج- فەرمانبەری ژمێریاری — ئەندام

خەملاندنەکە پێویستە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

• خەملاندن بۆ هەر قوتابییەک بە بڕی (٧٥) حەفتاو پێنج دینار (کەمتر) نەبێت بۆ هەر رۆژێک . بۆ نموونە پەیمانگەیەک (٥٠٠) پێنج سەد قوتابی هەبوو، ئەوا بۆ هەر قوتابییەک بە (٧٥) حەفتاو پێنج دیناری رۆژانە بخەملێندرێت، (بۆ نموونە: ٥٠٠ قوتابی × ٧٥ دینار × ٢٢ رۆژی دەوام =٨٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە). بۆ (٧) حەوت مانگ دەکاتە (٥,٧٧٥,٠٠٠) پێنج ملیۆن و حەفت سەد و حەفتاو پێنج هەزار دینار وەک کرێی فرۆشگەی پەیمانگە.

ب/ لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون: (لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی پەیمانگە) کە پێکدێت لە:

أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگە یان سەرۆکی یەکێک لە بەشەکان — سەرۆک لیژنە
ب- سەرۆک یان بڕیاردەری یەک لە بەشەکان — ئەندام
ج- فەرمانبەری ژمێریاری — ئەندام

چوارەم: کۆمەڵگە پەروەردەییە نێودەوڵەتییە حکومییەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردنی بنەڕەتین:

أ/ لیژنەی خەملاندن: لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەیەکی (٣) سێ کەسی بۆ بە خەملاندنی فرۆشگەکان پێکدێت کە بریتین لە:

أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی. — سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی یاسایی — ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری — ئەندام

خەملاندنەکە پێویستە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

• خەملاندن بۆ هەر قوتابییەک بە بڕی (٢٠٠) دوو سەد دینار (کەمتر) نەبێت و لە (٨٠٠) هەشت سەد دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر رۆژێک . بۆ نموونە ئەگەر ناوەندێکی خوێندن (٥٠٠) پێنج سەد قوتابی هەبوو، ئەوا بۆ هەر قوتابییەک بە (٢٠٠) دوو سەد دیناری رۆژانە بخەملێندرێت، (بۆ نموونە: ٥٠٠ قوتابی × ٢٠٠ دینار × ٢٢ رۆژی دەوام =٢,٢٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە).بۆ (٨)هەشت مانگ دەکاتە (١٧,٦٠٠,٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار بخەملێنێت وەک کرێی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن.

ب/ لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون: لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی **لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون** پێکدێت ، بەم شێوەی خوارەوە :

أ- بەڕێوەبەری قوتابخانە نێودەوڵەتییە حکومییەکان — سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی یاسایی — ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری — ئەندام

پێنجەم: کۆلێژەکانی بەهرەداران کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردنی بنەڕەتین:

أ/ لیژنەی خەملاندن: لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەیەکی (٣) سێ کەسی بۆ بە خەملاندنی فرۆشگەکان پێکدێت کە بریتین لە:

أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی. — سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی یاسایی — ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری — ئەندام

خەملاندنەکە پێویستە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

- خەملاندن بۆ هەر قوتابییەک بە بڕی (٥٠) پەنجا دینار (کەمتر) نە بێت بۆ هەر رۆژێک ، بۆ نموونە ئەگەر ناوەندێکی خوێندن (١٠٠) سەد قوتابی هەبوو، ئەوا بۆ هەر قوتابییەک بە (٥٠) پەنجا دیناری رۆژانە بخەملێندرێت. (بۆ نموونە: ١٠٠ قوتابی × ٥٠ دینار × ٢٢ ڕۆژی دەوام =١١٠،٠٠٠ دینار مانگانە). بۆ (٧) حەوت مانگ دەکاتە (٧٧٠،٠٠٠) حەفت سەد و حەفتا هەزار دینار بخەملێنێت وەک کرێی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن.

ب/ لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون: لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون پێکدێت ، بەم شێوەی خوارەوە :

أ- بەڕێوەبەری پەروەردەی تایبەت — سەرۆک لیژنە
ب- فەرمانبەرێکی یاسایی — ئەندام
ج- فەرمانبەرێکی ژمێریاری — ئەندام

تێبینی:

١- نابێت ئەندامانی لیژنەی خەملاندن و لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون یەک کەس بن (دووبارە ببنەوە).

٢- ئەگەر هاتوو ناوەندێکی خوێندنی نوێ دوای ماوەی دەستپێکردنی دەوام کرایەوە ، ئەوا بەپێی رۆژانی ماوەی دەوام لە ساڵێکدا، خەملاندنی بۆ دەکرێت.

٣- ئەگەر پێویست بێت لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی دیکە زیاد بکرێت بە هەمان پێکهاتە و دەسەڵات، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر بەکرێدان و سەرپەرشتیکرن و بەدواداچوونی سەرجەم فرۆشگەکان.

٤- لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هەریەکێک لە پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید و زاخۆ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزایان نییە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی ناوبراوان هەمان کاری لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان ئەنجام دەدات.

ماددەی (٥):

یەکەم: بەکرێدان بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا (**المزايدة العلنية**)دەبێت و لە (٨٠٪)ی بەهای خەملێنراو دەست پێ دەکات. پێویستە پێشتر لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان وبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و پەیمانگەکان و ناوەندەکانی خوێندن لە میدیا یان پەیجی فەرمی سۆشیال میدیاکان بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ پێش ڕێکەوتی بەکرێدان ڕابگەیەندرێت.

- ئەگەر جاری یەکەم فرۆشگەکە بەکرێ نەدرا، ئەوا جاری دووەم بەهەمان ڕێکاری جاری یەکەم پرۆسەکە بەڕێوە بچێت. ئەگەر جاری دووەمیش بەکرێ نەچوو، ئەوا لە جاری سێیەم بە شێوەی **هەرەوەزی** (لە ڕێگەی ستافی ناوەندی خوێندن و دایک و باوکان) بەڕێوە دەچێت.
- دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان بۆیان نییە فرۆشگە بەکرێ بگرن یان ببنە هاوبەش (جگە لە هەرەوەزی).

ماددەی (٦): مەرجە گشتییەکانی بەکرێگرتن:

١- پێویستە هەر کەس و لایەنێک کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرا دەکات، بڕێک پارە وەک نرخی بەشداربوون بدات بە پێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٨أ)، بڕەپارەکە بە ڕێژەی (٥٪) دەبێت،بە مەرجێک لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

٢- دوای بەکرێدانی فرۆشگەکان سەرجەم داهاتەکە بەڕێژەی (١٠٠٪) و لەگەڵ پارەی بەشداری کردنی زیاد کردنی ئاشکرا کە لە خالی (١) سەرەوە دیاری کراوە دەدرێت بە لیژنەی خەرجی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن لە کاتی واژوو کردنی گرێبەستەکە .

٣- لە کاتی بەکرێدانی فرۆشگە بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية)،مەرج نییە لیژنە پابەند بێت بە بەرزترین نرخ، ئەگەر هەست کرا ئەم بەکرێدانە لە بەرژەوەندی گشتیی قوتابیان و خوێندکاران و پەروەردە نییە، ئەوا لیژنەی بە کرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون بە هەمەهەنگی سەرووی خۆی بڕیاری پێویست دەدەن، لەگەڵ دیاری کردنی هۆی بەکرێ نەدانەکە .

٤- ئەگەر ئەو کەسەی زیادکرنەکەی بۆ دەردەچێت پابەند نەبوو یان پاشەکشەی کرد، جیاوازی نێوان نرخەکان دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

٥- بڕی(٥٠٪) پارەی بەکرێدانی فرۆشگە لەکاتی بەکرێدانەکە وەردەگیرێت و (٥٠٪)یش لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەست، بەمەرجێک لە (١٠)دە ڕۆژ تێپەڕ نەکات، دوای ئەو کاتەش سزا بە ڕێژەی (٥٪) بۆ هەر ڕۆژێک وەک سزای دواکەوتن دیاری دەکرێت. ئەگەر دوای (٢٠) بیست ڕۆژ بڕە پارەی ماوە وەرنەگیرا، ئەوا فرۆشگەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و دووبارە دەخرێتەوە موزایدەوە و مافی وەرگرتنەوەی هیچ بڕە پارەیەکی نابێت، پارەکەش بە پێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٨أ) وەردەگیرێت.

٦- بەکرێـدانی سـەرجەم فرۆشـگەکانی سـنووری پەروەردە و ئامادەبوونیـان لە کـاتی بەکرێـدان و ئامادەکردنی کۆنووس و ڕێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا (المزايده العلنية). پێویستە بـۆ بەکرێـدانی هەر فرۆشـگەیەک، کۆنۆسـێکی تـایبەت بە سـێ وێـنە واژۆو بکرێـت، دانەیەکیـان بـۆ قوتابخـانە، وێنەیەک بۆ ژمێریاری و وێنەیەکی دیکەش بۆ یاسایی.

٧- وەزارەت بەرپرس نـیە لە قەرەبـووکردنەوەی هـیچ خـاوەن فرۆشـگەیەک لە ئەنجـامی زەرەرمەنـد بوون بە هەر هۆکارێک و پێویستە ئەم بابەتە لە گرێبەستەکە ئاماژەی پێ بکرێت.

٨- فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندنی کچان دەبێت ئافرەت بەڕێـوەبەری بـات، لە کـاتی پابەنـدنەبوونیان بەم مەرجە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە و ڕاستەوخۆ گرێبەستەکەیان هەڵدەوەشێتەوە .

٩- کارمەنـدانی میـری لەگەڵ هێزەکـانی ئاسـایش و نـاوخۆ و پێشـمەرگە، بۆیـان نیـیە بەشـداری زیـادکردنی ئاشـکراکە بـکەن و بۆیـان نیـیە فرۆشـگە بەکـرێ بگـرن، بە پـێچەوانەوە گرێبەسـتەکە هەڵدەوەشێتەوە و مافی وەرگرتنەوەی پارەکەیان نابێت.

١٠-لەگەڵ بەکرێدانی فرۆشگە بڕی (٢٠%)ی نرخی بەکرێدانەکە وەک بارمتە (تأمينات) وەردەگیرێـت لەو کەسەی کە فرۆشـگەکەی بەکـرێ گرتـووە و تـا کۆتـایی سـاڵی خوێنـدن بـۆی ناگەڕێنـدرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر بەڵێندەرەکە کەموکوڕی هەبـوو و چارەسـەری نەکـرد، لە بەرامبەردا بـڕی پـارەی دەستنیشـانکراو بـۆ چارەسـەری کەموکوڕییەکـان لە بـارمتەکە ببـڕدرێ، بـڕی ئەو پـارەیە لە یەکەی ژمێریاری پەیوەندی دار دابنێت.

١١-لەکاتی دانەوەی ئەو بـارمتەیە بـۆ خـاوەن فرۆشـگە کە گرێبەسـتەکەی واژوو کـردووە، لە کۆتـایی سـاڵی خوێنـدن، کە پێویسـتە لە لایەن بەڕێـوەبەری ناوەنـدی خوێنـدن پشـتگیری بـکەن ئینجـا بیدەنەوە ، بە مەرجێک دوای چۆڵکردنی فرۆشگەی ناوەندی خوێندنەکە، هـیچ کەلـوپەلێکی لە نـاو ناوەندی خوێندنەکە نەمێنێتەوە و بەڵێن بـدات داوای هـیچ قەرەبـوویەک نەکـاتەوە، بە پـێچەوانە بـڕی بـارمتەکەی بـۆ نـاگەڕێتەوە. ئەگەر لەلایەن خـاوەنی فرۆشـگەکە زەرەر و زیـان لە بـڕی پـارەی بـارمتەکە زیـاتر بـوو و ئامـادەش نەبـوو قەرەبـووی بکـاتەوە، ئەوا ڕێکـاری یاسـایی بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

١٢- لیژنەی خەرجی ناوەندەکانی خوێندن پێویستە تۆماری تایبەت بە فرۆشگەی هەبێت.

١٣- پێویستە سەرجەم کارمەندانی فرۆشگەکان پشکنینی (تەندروستی) و سەلامەتیان هەبێت .

١٤- دەبێت خاوەن فرۆشگە و کارمەندەکانی تەمەنیان لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتـر نەبێـت و پابەنـدی ڕەوشتی گشتیی بن .

١٥-کارمەند دەبێت پابەندبن بە لەبەرکردنی پێشبەند (صدریە) و دەستکێش لەکاتی کارکردن .

١٦- پێویسـتە فرۆشـگە بەردەوام پـاک بکـرێتەوە و ئـامێری سـاردکەرەوە و گونجـاوی تێـدابێت و سەبەتەی خۆڵ و خاشاکی هەبێت

١٧- قەدەغەیە بەهەمـوو شـێوەیەک خـۆراکی ماوەبەسـەرچوو، بـێ سـەرچاوە، یـان ئەو خۆراکـانەی دەرەوەی مەرجەکانن لە فرۆشگە بوونیان هەبێت .

١٨- پێویستە نرخەکان گونجاو بن لەسەر ئاستی بازار گرانتر نەبن و لە لیست بەروونی هەڵواسرا بێت.
١٩- خاوەن فرۆشگە پابەندە بە ئاسانکاری تەواو بۆ لیژنەکان.
٢٠- کاتەکانی ڕۆژانەی کارکردنی فرۆشگە پێش دەستپێکی دەوام دەست پێدەکات و لەکۆتایی دەوامی فەرمی ناوەندی خوێندن دادەخرێت.

ماددەی (٧): داهاتی فرۆشگە لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە خەرج دەکرێت:
١- سەلامەتی باڵەخانە: واتا هەر پارەیەک هەبێت سەرەتا بۆ خەرجیەکانی سەلامەتی باڵەخانە خەرج دەکرێت، وەک خەرجیەکانی چاکردنەوەی ئاوەڕۆ و کارەبا و چاکردنەوەکانی تر و نۆژەنکردنەوە و ئاوی پاک و تانکی ئاو خواردنەوەو ئاوی ناوەندی خویندن.
٢- کەرەستەی خاوێنکەرەوە: واتا بۆ ئەو خەرجیانە پارە خەرج دەکرێت کە تایبەتە بە کەرەستەی خاوێنکەرەوە بۆ ناو پۆلەکان و شوێنی ئاو خواردنەوەو و دەستشۆر و توالێتەکانی قوتابیان.
٣- بەکرێگرتنی کارگوزار بۆ ناوەندی خویندن :ئەگەر ناوەندێکی خوێندن پێویستی بە کارگوزار بوو، دەتوانێت کارگوزار بەکرێ بگرێت بە کرێی مانگانە، بەپێی ئەو پارەیەی لەبەردەستدایە.
٤- پەڕاوگە و حبری پرێنتەر.
٥- دابینکردنی ساردی و گەرمی بۆ پۆلەکانی خوێندن.
٦- وایت بۆرد.
٧- سمارت بۆرد.
٨- ئینتەرنێت :بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ سیستەمی (ئی-پەروەردە و پلاتفۆرمی قوتابخانەکەم).
٩- کەلوپەل :وەک کڕینی لاپتۆپ، پرێنتەر، سکانەر و داتاشۆ.
١٠-باخچە و سەوزایی ناوەندی خوێندن.
١١-کامێرای چاودێری :دانانی کامێرای چاودێری بۆ هۆڵەکانی خوێندن و ئەو شوێنە گرنگانەی کە بۆ قوتابی پێویستن.
١٢- دابینکردنی پێداویستییەکانی وەرزش، هونەر و ژینگەو چالاکیەکانیان.
١٣- کتێبخانە.
١٤- تاقیگە.
١٥- دابینکردنی هۆکارەکانی فێرکردن.
١٦- خول و ڕاهێنان.
١٧- کەلوپەلی تەندروستی.
١٨- کڕینی پڕۆگرامی زمانی ئینگلیزی.
١٩- وزەی خۆر.
٢٠- چاککردنەوەی ڕەحلەی قوتابیان.
٢١- بەشداریکردنی ناوەندی خوێندن لە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان.

ماددەی (٨):

چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەی هەرەوەزی: ستافی ناوەندەکانی خوێندن هەڵدەستن بە کڕینی ماددەکانی فرۆشگە و پاشان فرۆشتنەوەیان، لە کۆتایی هەر مانگێکدا قازانج و زەرەر دیاری دەکەن، ئەو بڕە پارەیەی بۆ کرێی فرۆشگە دادەنرێت، دەدرێتە لیژنەی خەرجیی فرۆشگەی ناوەندەکەی خوێندن، بڕی قازانجەکەش بە شێوەی گوژمە بەسەر ئەو مامۆستایانەی بەشداریان کردووە، بەپێی ڕێژەی بەشداریان بە شێوەی مانگانە دابەش دەکرێت.

ماددەی (٩):

دانانی کامێرای چاودێری لە سەرجەم فرۆشگەکان و بەستنەوەیان بە کارگێڕیی ناوەندی خوێندن لەسەر ئەستۆی ناوەندی خوێندن دەبێت.

ماددەی (١٠):

دەسەڵات دەدرێت بە بەڕێوەبەری پەیمانگەکان بۆ واژوو کردنی گرێبەست، هەروەها پەسەندکردنی گرێبەستەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان یان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان دەبێت بەپێی شوێنی جوگرافی لەبەر نەبوونی بەشی یاسایی لە پەیمانگەکان.

ماددەی (١١):

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فێرکردنی بنەرەتی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان و کارگێڕی هەر پەیمانگەیەک و ناوەندەکانی خوێندن، دەبێت گشت بەراییە پەیوەندیدارەکان بە فرۆشگەکان، بەتایبەت بەراییەکانی خەرجیی فرۆشگەکان لە شوێنێکی گونجاو هەڵبگرن، پاش تەواوبوونی گشت ڕێکارە ژمێریاریی و ووردبینی و کۆگایی لەسەر پسوولەکانی خەرجی ناوەندەکانی خوێندن جێبەجێ دەکرێت بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ، دەبێت تۆمارکردن و سکان بکرێن لە سیستەمی (E-PARWARDA) دابنرێن، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.

ماددەی (١٢) :

پێویستە لیژنەی خەرجی ناو (ناوەندی خوێندن)پابەند بێت بە هەر خەرجییەک لە (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر بێت پێویستە (٣) سێ پێشنیاری نرخ (عرض)ی هەبێت بە پێی دواین ڕێنمایی و گشتاندنی دارایی. هەموو پسوولەیەک دەبێت ژمارەی پسوولە و مۆری شوێنی کڕینی لێدرابێت، ڕێکەوتی لەسەر بێت، ژمارە و نرخی تاک و کۆی گشتی بە ژمارە و بە نووسین بنوسرێت، پێویستە پسوولەکە تەنها بە قەڵەم جافی شین پڕ بکرێتەوە نەک ڕەنگی تر.

ماددەی (١٣):

بۆ ئەو ناوەندی خوێندنانەی کە یەک کارگێڕی و دوو دەوامیان هەیە، سەرجەم داهاتەکە (پارەی فرۆشگە و پارەی زیاد کردنی ئاشکرا) لە لایەن کارگێڕی دەبێت. بەڵام ئەو باڵەخانانەی دوو دەوام و دوو کارگێڕی جیاوازیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان کۆی گشتی پارەی فرۆشگە بە پارەی زیاد کردنی ئاشکراوە بە گوێرەی ژمارەی قوتابیانیان رادەستی هەردوو کارگێڕیەکە دەکات،

واتە ئەو ناوەندی خوێندنانەی کە دوو کارگێڕی جیاوازیان هەیە پێویستە ئەو خەرجیانەی کەلە ماددەی (٧) ئاماژەیان پێکراوە و هاوبەشن بۆ باڵەخانەی ناوەندی خوێندنەکە، بە هاوبەشی بریاری لێبدەن. واتە خەرجیەکەیان بە گوێرەی ڕێژەی قوتابیان دەبێت.

ماددەی (١٤):

سەبارەت بە نۆژەنکردنەوە، پێویستە ڕای ئەندازیاری پەروەردە وەربگیرێت پێش ئەوەی دەست بە نۆژەنکردنەوەی ناوەندی خوێندنەکە بکرێت.

ماددەی (١٥):

لێکدانی ناوەندەکانی خوێندن لە ڕێکەوتی ١ /٨ی هەموو ساڵێک ڕادەگیرێت و پێویستە تا ئەو کاتە ڕێکارەکان تەواو کرابن.

ماددەی (١٦):

گرێبەستی سەرجەم فرۆشگەکان لە کۆتایی وەرزی دووەم / خولی یەکەم کۆتایی پێدێت و فرۆشگەکە دادەخرێت. پێویستە لە گرێبەستەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بەم خاڵە بکرێت.

ماددەی (١٧):

دەستکردن بە پڕۆسەی خەملاندن و بەکرێدانی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن، لە سەرەتای مانگی ئاب دەست پێ دەکات و پێش هاتنی مانگی ئەیلول کۆتایی پێدێت.

ماددەی (١٨):

سزاکان و ڕێکارە یاساییەکان لەکاتی سەرپێچی دا:

١- ئاگادارکردنەوەی یەکەم: ئاڕاستەکردنی ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو بە خاوەن فرۆشگە بۆ چاککردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا.

٢- ئاگادارکردنەوەی دووەم (سزا): لەکاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچیەکە، سزایەکی دارایی خاوەن فرۆشگە دەکرێت بەبڕە پارەیەک لە نێوان(٥٠،٠٠٠)پەنجا هەزار دینار بۆ (٣٠٠،٠٠٠)سێ سەد هەزار دیناری بۆهەر جارێک بۆئەو کاڵاوخۆراکانەی کەقەدەغەکراون یان مەرجی تەندروستیان تێدانییە.

٣- هەڵوەشانەوەی گرێبەست: ئەگەر خاوەن فرۆشگە بەردەوام بوو لە سەرپێچی یان پابەند نەبوو بە چاککردنی و لابردنی سەرپێچییەکان ، گرێبەستەکەی بەیەکجاری هەڵدەوەشێتەوەو مافی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە.

٤- ڕێککاری یاسایی: لەکاتی ڕووداندا حاڵەتی ژەهراوی بوونی خواردن یان زیانی تووندی تەندروستی، خاوەن فرۆشگە ڕووبە ڕووی دادگا و لایەنە یاساییەکان دەکرێتەوە .

ماددەی (١٩):

١- کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) کارایە و کاری پێدەکرێت.

٣-ئەم ڕێنماییە بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

ئالان حەمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە